# ڕاپەڕین فێری دەمکوتاندن لەئازادی کردین

فەرەیدون حەمەڕەشید - سویسرا
faraidun_73@hotmail.com

ڕژێمی ئەوکاتی بەعس بۆخۆدەربازکردن لەوقەیران وتەنگەژەسیاسیەی لەدەرئەنجامی شەڕی هەشت ساڵەی عێراق وئێران وشەڕی درێژماوەی ئەوڕژێمەلەبەرامبەرخەڵکی کوردستان تووشی هاتبوو..بووە فاکتەری فشار بۆسەرەڕۆیەکی تری سیاسەتەکانی بەعس بۆداگیرکردنی کوەیت لە 2 ئابی 1990 کەدواترهێنانەکەیەی شەڕی کەنداو وئازادکردنی کوەیتی لەلایەن ئەمریکاو هاوپەیمانەکان لێکەوتەوە کەهاوکات ڕژێمی بەعسی خستەژێرفشاروپەراوێزی کۆمەڵگایی نێودەوڵەتی,ئەوساتەوەختەسەرهەڵدانی دەورەیەکی نوێ بوو بۆخۆسازدانەوەی شۆڕش کەئەوکات لەژێرفشاری زۆری عسکەریانەی ڕژێمی دیکتاتۆر بەچەندایەتی وچۆنایەتی جیاواز لەبەرامبەر هێزی پێشمەرگەبە پاڵپشتی ئۆپراسیۆنەکانی ئەنفال وبەکارهێنانی گازی کیمیاوی بەسەرخەڵکی گوندنشین وهێزی پێشمەرگەدا.شۆڕش وبزوتنەوەی ڕزگاریخوازی لە پاشەکشەیەکی کاتی دابوو

بەهاتنەکایەی ئەوهەلومەرجەچواردەساڵ پێش ئێستا هێزی پێشمەرگەوسەرکردایەتی شۆڕش.بێ دوودڵی وبە پێشبینی ووردبینانەو پڕدیقەت بۆئاڵوگۆڕە

سیاسەکانی ناوچەکەوجیهان.لە پاڵ ئەمەشدا خوێندنەوەیان بۆ دەرکەوتنی نەزمی نوێی جیهان لەوڕۆژگارەداکەلەسەرەتایی بانگەشەکردنی پرنسیبەکانیدابوو.شۆڕش وهێزی

پێشمەرگە خۆی سازوئامادەکردبۆستایلێکی ترلەخەبات کەئەویش ڕاپەڕینی خەڵکی شارەکان بوو بۆبەسەرکەوتن گەیاندنی خەباتی درێژماوەی چەکداری..لێرەدابیرمان نەچێت بەئاماژەیەك کە هەلەومەرجی جەنگی کەنداو خولقێنەری ڕەهایی ڕاپەڕین نەبووە وەك هەندێك ڕاڤەکردنی لێرەولەوێ کەناخوازن باگراوەندیی مێژووی سیاسی وشۆڕشگێڕانە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی خەڵکی کوردستان ببینن ودانی پێدابنێن,دەکرێت بڵێین هەلومەرجی جەنگی کەنداو گۆڕینی هاوکێشەی هێزی دووژمن بووە بەقازانجی کوردونزیك کەوتنەوی زەمەن بووە بۆزەمینەسازی ڕاپەڕین بەڵام نەك بە پێچەوانەوە..هەرئەوکاتانەش ڕژێم ودامودەزگاکانی هەتائەوکەسانەش کەکۆنە پارێزومشەخۆری کۆمەلگایی کوردی بوون ڕاپەرینیان بەهەوڵیکی نەزۆك وسەرکەوتنێکی مەحاڵ دەزانی وسەرئەنجام یش یەکەم پزیسکی ڕاپەڕین لەشاری ڕانیەوەبڵێسەی دا,ڕاپەڕین بەرهەمی سەرکوت ولۆژیکی

بەرامبەرقبووڵنەکردن وحوکمی تاکڕەوی وپارتی سەرکردەبوو..کەبەڕووی ستەمی نەتەوایەتی وحوکمی دیکتاتۆری تەقی یەوە.ڕاپەڕین زۆرشتی لەگەڵ خۆی دا هێنا ئەزموونی باش وخراپ ئەوەی ئەبێت ڕاپەڕینی پێ نوێ بکەینەوە وەڵام بێت بەداواکاریەکانی هەرئێستایی خەڵکی کوردستان وەلانان وبنبڕکردنی ئاسەواری تاڵی شەڕی ناوخۆو زمانی

چەك ولێپرسینەوەولەلێپرسراوانی مشەخۆری لێرەولەوێ لەسەرخۆین وقوربانیەکانی شۆڕش ومەسەلەچارەنووس سازەکانی خەڵکی کوردستان.و زۆرشتی تر..بەتەنهانابێت سۆزداریانەباس وپیاهەڵدان لەڕاپەڕین بکەین ,بێگوومان ڕاپەرین دەستکەوت و کلتورێکی نۆێ وجوانی دەمکوتین لەماف و ئازادی لەگەڵ خۆی دا فێرکردین ,بۆبەرزڕاگرتنی ڕاپەڕین ودەستگرتن بەبەهاجوانەکانیەوەلەتەك چنینەوەی دەسکەوتەبەبڕشت وپۆزەتیڤکانی دا کۆمەڵگایی کوردی لە سەردەمی ئێستاکانێ پێویستی زیاتری بەگیانی بەرامبەر قبوڵکردن لەناخدا و,شەفافیەتی زیاترلەڕاگەیاندن وکۆبونەوچارەنوس سازەکاندا,و دابینکردنی زیاتری مافەکانی ژنان وبەدوورنەکردنیان لەڕۆڵی سیاسی

**وحوكميداوباشتر كردنی ژيانی هاوڵاتيان وكەسوكاری شەهيدان ,بەرقەراركردنی عەدالەتی كەمەڵايەتی وبەگەڕخستنی زياتری ديموكراسی وتەريككردنی دين لەدەسەڵات**

**,,.فەراهم كردنی ئەم خواست وئامانجانەسەوزبوونەوەی ڕاپەڕينەو هەڵخڕاندنی پشتيوان و حەشاماتێكی جەماوەريە لەشەڕی دەستوور وهەرئەگەرێكی چاوەڕوان نەكراوداكە ڕوبەڕوووی خەڵكی كوردستان ببێتەوە..........**